

# عارف قوربانی :

## لە شۆڕشی ئەیلولدا مەلامستەفا ئامادە نەبوو بە نیوەی کەرکوک لەگەڵ سەدامدا ڕێکبکەوێت کەچی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق سەرکردایەتی کورد گومان دەخاتە سەر کوردستانییەتی کەرکوك و ناتوانێت ئەو نیوەیەش وەرگرێتەوە

**لەسەر ئەرزی واقیع سەرکردایەتی کورد دەستبەرداری کەرکوك بووەو تەنها بە شیعار و بۆ موزایەدەی حیزبی کەرکوك بەکاردەهێنن**

**دیداری ئاکۆ محەمەد شوانی - کەرکوك**

**● بڕیاروایە لەکۆتایی ساڵی 2007دا گرەوی کوردستانیبوونی کەرکوك لە ریفراندۆمێکدا یەکلاییبکرێتەوە بەپێی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەوەش ماوەیەکی کەمەو مەترسی لای زۆرێك لە کەرکوکییەکان بەگشتیو رۆشنبیران بەتایبەتی دروستکردووە. جگەلەوە" بەهۆی داڕووخانی باری ئەمنی ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە، رۆژانە دەیان عەرەب روودەکەنە کەرکوك. بۆ زیاتر قسەکرن لەسەر ئەو تەوەرانەو چارەنووسی کەرکوك. لڤین ئەم دیدارەی لەگەڵ عارف قوربانی نووسەرو رۆژنامەنووس ئەنجامدا.**

**لڤین:** بەحوکمی ئەوەی تۆ لە ناوجەرگەی رووداوەکانی کەرکوکدایت، بەڕای تۆ پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک گەیشتۆتە کوێ؟

**عارف قوربانی:** پێموایە لەدوای پرۆسەی رزگارییەوە، کورد سیاسەتێکی هەڵەی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرکوکدا پەیڕەوکردووە، کە بەباوەڕی من ئەوەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەك لەوانە سەرکردایەتیی کورد بەرنامەیەکی پێشوەختو ئامادەکراوی نەبوو لە حاڵەتێکی وەك پرۆسەی ئازادیو رووخانی سەدامدا کە کورد دەگەڕێتەوە کەرکوك چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرکوك بکات، چۆن گرفتی ئاوارەو عەرەبی هاوردە چارەسەردەکات، چی دەکات بۆ ئەوەی قەزاو ناحیە دابڕاوەکانی کەرکوك بگەڕێنێتەوە؟ بۆیە دەبینی کاتێ گەڕاینەوە بۆ کەرکوك تووشی پاشەگەردانی بووین لە کەرکوك، سەرەتایەکی خراپمان دارِشت، دووهەم شت وایدەبینم سەرکردایەتیی یەکێتیو پارتی بەرنامەیەکیان پێنەبوو کاری لەسەر بکەن، سەرکردە مەیدانییەکانیشیان لە کەرکوك نەیانتوانی بەخوێندنەوەیەکی واقیعی کەرکوك بەرنامەیەك بۆ خۆیان دابنێن تا کاری لەسەربکەن کە بەقازانجی مەشروعی سیاسیی کوردی بکەوێتەوە! تەنانەت نەتوانرا سوود لەو دەرفەتانەش وەربگیرێت کە لەسەر ئەرزی واقیعی کەرکوك دروستبوون کە کورد دەیتوانی زۆر بەئاقارێکی باشیاندا بەرێتو لە ئەنجامدا خزمەت بە ئەو ئایندەیە بکات کە کورد لە رابردوویدا لەپێناویدا تێکۆشاوە، بەڵام دەبینی کێشەو گرفتەکانی کەرکوك وەك خۆیان مانەوەو بگرە لە هەندێ رووەوە ئاڵۆزتریش بوون، بەتایبەتی لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانیدا، ناکۆکییەکان قووڵتربوونەوە. بەباوەڕی من لە سەرەتادا کورد رێگای زۆرترو باشتری لەبەردەم بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بەڵام لەبەر بەدەستهێنانی هەندێ پۆستو دەسەڵاتی ئیدارییو ماددیی لە بەغداو بەهۆی ململانێنی حزبیەوە لە کەرکوك، رێگەکانی لەبەردەم خۆی تەسککردەوەو لە هەندێ لایەنەوە بۆ موراعاتی دۆستایەتی ئەمریکاو ئیحراجنەکردنی ئەمریکا لە ناوچەکە، کورد خۆی کردە قوربانی. بۆیە دەبینی لە دواجاردا خراپترین رێگە دەگرێتەبەر کە کەمترین ئومێدی بۆ سەرکەوتن تیایە. ئەویش رازیبوونە بەوەی کەرکوك بخرێتە ناو گەمەیەکی یاساییەوە کە دواجار زۆری ژمارەی

دانیشتووانەکەی چارەنووسی دیاریبکەن کە بۆ شارێکی وەك کەرکوك و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو شارە کە بەدرێژایی سێچارەکەسەدە کار بۆ شێواندنی باری دیمۆگرافییەکەی کراوە، رازیبوون بەوەی بەوشێوەیە کەرکوك بخەینەوە سەر هەرێمی کوردستان وەك ئەوە وایە خستبێتمانە یاری قومارەوەو بمانەوێ بەقەدەرو شانس خوا بیکاتەوە بەقسمەتمان، کە ئەوەشیان مەحاڵە! دەبینی وەك سەرکردایەتیی کورد کەرکوکی بەو قەدەرە سپارد، کەچی هەستدەکەی لەو هەنگاوانەش کە پێویستبوون بنرێن لەو شێوازی چارەکردنە، کورد تەمەڵی زۆری کردووەو لە زۆر کاری سەرەکی خۆی دزیوەتەوە کە ئەوەش رێگاکانی سەختتر کردووەو چارەنووسی شارەکەی زیاتر خستۆتە مەترسییەوە، بۆیە هەندێکجار کە لێکیدەدەیتەوەو بیر لە سەرکردایەتیی کوردو کەرکوك دەکەیتەوە، دەگەیتە باوەڕێکی ترسناك کە سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەرزی واقیع دەستبەرداری کەرکوك بووەو تەنها بە شیعارو بۆ مزایەدەیی حزبیی کەرکوك بەکاردەهێنن و بە مەسەلەی کەرکوك هەستی خەڵك دەبزوێنن، ئەگینا کەی مەنتقە سەرکردایەتیی کورد رازیبێت بەوەی ناسنامەی کەرکوك بخرێتە بەردەم پرۆسەیەکەوە، دواجار ئەوانەی ئێستا تیایدا دەژین بڕیاربدەن و ناسنامەی شارەکە دیاریبکەن، بەڵام دەبینی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هیچ هیمەتێك ناکات بۆ ناردنەوەو دەرکردنی ئەوانەی هێنراونەتە ئەم شارەو تەوازنی شارەکەیان گۆڕیوە، دەبینی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان زۆرترین کەمتەرخەمی دەکات لەوەی کارئاسانی بکات بۆ هێنانەوەی ئەو کوردە دەرکراوانەی لە شارەکەی خۆیان دەرکراون و ئاوارەی شارەکانی تر بوون، دەبینی لەناو کەرکویش خراپترین مامەڵە دەکات و دەسەڵاتێکی دروستکردووە نەك نموونەیەکی سەرنجڕاکێش نین بۆ ئەوەی هاوشارییەکانی تری کەرکوك، پێکهاتەکانی تری ئەم شارە بەلای پرۆژەی کوردی و ئیدارەی کوریدا راکێشن، بەڵکو دەبنە مایەیی بێزاریی کوردەکەی کەرکوکیش، ئەمانە هەموویان دەتگەیەننە ئەو قەناعەتە ترسناکەی کە لەلایەك سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەستبەرداری کەرکوك بوون و دەسەڵاتەکەی کەرکوکیش نەیانەوێ ئەو پرۆژەیەی کورد سەرکەوێ لەبەر بەرژەوەندیی زاتیی خۆیان، ئەوەتا زۆرترین وادەی جێبەجێکردنی ئەو مادە قانونییەی کە سەرکردایەتیی کورد بەشداری لە نووسینەوەیدا کردووەو خەڵکیش دەنگیان بۆ داوە، بەهەدەر دەچێت، ماوەیەك بەبیانووی ئەوەی عەلاوی لیژنەی بۆ دیارینەکردووەو دواتر بەبیانووی ئەوەی لیژنەکە هەیەو جەعفەری پارەی پێویستی ناخاتە بەردەست و ئێستاو داهاتوویش دەیان بڕوبیانووی تر دەدۆزینەوە، بەڵام راستییەك هەیە کورد دەبێ بیزانێ، ئەویش ئەوەیە؛ کورد خۆی دەیتوانی زۆرشت بکات لە کەرکوك و نەیکردووەو دەیتوانی زۆر شت بکاتە ئەمری واقیع و نەیکردووە، بۆیە ئێستا پرۆسەی ئاساییکردنەوەی ناوئەبەی یان هەر ناوێکی تر لە قۆناغێکی چەقبەستوودایەو هیچ ئاماژەیەکی مژدەبەخش دیارنییە تاوەکو پەیامێك یان ئاسۆیەکی روون بۆ خەڵکی بەیان بکەین.

**لڤین: ئەی ئەو گوتارە سیاسییەی کورد کە کەرکوک بە قودس و دڵ ناودەبات، چ لەپێش پرۆسەی ئازادی عیراق و لەدوای پرۆسەش درێژەی هەیەو بەردەوام سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئاماژە بەوە دەکات دەستبەرداری کەرکوک نابین و لە رابردووشدا هەزاران کەسیان بۆکردووە بە قوربانیی؟**

عارف قوربانی: من لە قسەکانمدا ئاماژەم بەوە کرد کە دروشمی بریقەدارو خیتابی نەتەوەیی زۆر توندمان هەیە بۆ کەرکوك، بەڵام من باوەڕێکی چەسپاوم هەیە کە ناتوانم خۆمی پێهەڵبخەڵێنم و ناشمەوێ بەشداری لە چەواشەکردنی ئەو میللەتەدا بکەم، ئەویش ئەوەیە وەك چۆن لەنێوان ئومێدو خەون و حەقیقەتدا جیاوازیی هەیە، لەنێوان دروشم و خیتاب و واقیعیشدا هەمان جیاوازیی هەیە. من ئێستا تەمەنا ئەکەم کورد نەك هەر دەوڵەتی هەبێ و لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵاکەمان بشەکێتەوە، بەڵکو خۆزگەم دەخواست چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایا بۆئەوەی کەس نەیتوانیایا پەلاماری وڵاتەکەمان بدات، بەڵام ئەوەی خۆزگەی بۆ دەخوازم زۆر جیاوازە لەوەی چەندیان بەدەستدێنم، ئەگەر ئەمە بۆ هەرشتێك راست نەبێ بۆ کەرکوك گونجاوە، دڵنیام هەموو کورد ئومێدی ئەوەی هەبووەو هەیە کە کەرکوك نەك هەر بەتەنها بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو تەمەنا دەکات پایتەختی دەوڵەتی کوردی بێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع چیمان بەدەستهێناوەتەوە لە کەرکوك، ئەوە پرسیارەکەیە. منیش گوێم لەو خیتابە هەیە کە سەرکردەکانمان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە مزایەدە بەسەر ئەو میللەتە فەقیرەدا دەکەن، بەڵام لە کەرکوك چاوم زۆر شت دەبینێ کە ئەو خیتابەم لا بەتاڵدەکاتەوە. ئەوەی لە ئیعلامەوە دەڵێن کەرکوك دڵ و قودسە، ئەوە تەنها قسەی سیاسییەکانەو لەسەر ئەرزی واقیع کردویانە بە وێرانە. ئەوەی لە رابردوودا کراوە بۆ کەرکوك زۆر زیاتربووە لەوەی ئەمڕۆ بۆیدەکەین، لە رابردوودا کورد رووبارێك خوێنی کردووە بە قوربانی بۆ کەرکوك، بەڵام دەبینی ئەمڕۆ کەرکوك خوێنی ناوێ، بەڵکو بەشێکی بەپارە چارەسەردەکرێت، بەڵام دەبینی کورد ئامادەنییە ئەو پارەیە بۆ کەرکوك سەرفبکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو کاتەی کەرکوك خوێنی بوێ میللەت ئامادەیە خوێنی بۆ بدات، بەڵام کە لە قۆناغێکدا کەرکوك پێویستی بەپارە بووە، پارەکەی بۆ نادرێت، چونکە پارەکە لای میللەت نییە، لای سەرکردایەتیی کوردە! بەڵام دواجار دەبێ خەڵکی کوردستان بەخوێنی کوڕەکانیان قەرەبووی ئەوە بکەنەوە کە ئەمڕۆ پارەی بۆ سەرفناکرێت، تۆ ئەگەر ئاورێك لە مێژووی شۆڕشی چەکداری کورد لەم پارچەیەی

کوردستان بدەیتەوە، دەبینی کورد ئامادەی هیچ مساوەمەیەك نەبووە لەسەر کەرکوك، کاتێ مفاوەزاتیش لەسەر کەرکوك دەکات ئامادەی هیچ تەنازولێك نییە، ببینە، شۆڕشی ئەیلول مەلا مستەفا ئامادەنییە بەنیوەی کەرکوك لەگەڵ سەدامدا ڕێکەوێتو شۆڕشەکەی بۆ دەکاتە قوربانی. کەچی لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق کە سەدام دەڕووخێ، عیراق نە هێزی دەمێنێ نە دەوڵەت، کورد ڕۆڵی گەورە لە دروستکردنەوەو نەخشەکێشانەوەی عیراقی نوێدا دەبینێ، کەچی گومان دەخاتە سەر کوردستانیەتی کەرکوكو نەك ناتوانێ نیوەی وەرگرێتەوەو کار بۆ وەرگرتنەوەی نیوەکەی تری بکات، بەڵکو هەموو کەرکوك دەخاتە ناو پرۆسەیەکەوە کە دوای چەند ساڵێکی تر دانیشتووانەی بڕیار لەسەر ناسنامەکەی بدەن، کورد زۆرترین هەوڵدەدات عێراقێکی رووخاو دروستبکاتەوە کە هیچ زەمانێکمان پێنییە کەرکوك وەردەگرینەوە!

**لڤین: پێتوایە لەو ماوە کەمەی کە ماوە ماددەی 140 جێبەجێبکرێت؟ ئەگەر نا، ئەو هۆکارانە چین لەمپەر لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا دروستدەکەن؟ ئایا کەمتەرخەمی کورد خۆیەتی یان وڵاتانی ئیقلیمو نەتەوەکانی تری ناو کەرکوک لەمپەرن؟**

عارف قوربانی: من دەڵێم نەدەبوو کورد بەوە رازیبووایا بەوشێوەیەی لە ماددەی 140دا هاتووە، چارەسەری کێشەکانی کەرکوك بکرێت، بەڵام کە دواجار ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد، دەبوو هەموو قورساییەکی بخستایەتە سەر ئەوەی ئەو ماددەیە جێبەجێبکرێت، بەڵام دیاربوو عەرەبەکان لە سەرکردایەتیی کورد زۆر زیرەکتربوونە لە داڕشتنی قانونەکەو بەتایبەتیش ئەو ماددەیەی ئێمە پێمانوابوو چارەسەری برینەکانی کەرکوکمان بۆ دەکات، ماددەی 58 یان ماددەی 140 لە راستیدا تایبەت نییە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی شاری کەرکوك، بەڵکو بۆ هەموو ئەو شارانەیە کە نیزاعی لەسەرە، وابزانم سنووری ئیداریی 13 پارێزگای عێراق دەگرێتەوە، لەبەرئەوە رەنگە ئەو ماددەیە هەمووی وەك خۆی یان بەخواستی کورد جێبەجێنەبێت، بەڵام گرنگ بوو کورد هەوڵی بدایا ئەو بەشەی پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە کاری بۆ بکردایا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەو ماددەیەش نەیاری لە عێراقدا هەیە، نەك هەر لەسەرکەرکوك، بەڵکو لەسەر شارەکانی تریش، بۆ نموونە رومادی، ئێستا سەدان کیلۆمەتر خاکی سنووری نەجەفو کەربەلای خراوەتەسەر! سامەڕا کاتی خۆی ناحیەیەك بووە لە مەرکەزی بەغداد، ئێستا قەزایەکە لە تکریت، ئەمە جگە لەو گۆڕانە ئیدارییانەی لە پارێزگای کەرکوكو دیالەو سلێمانیو موسڵدا کردوویەتی، بۆیە کارێکی قورسە ئەگەر پێمانوابێ هەروا بەئاسانی ئەتوانرێت ئەو هەموو گۆڕانانە بکرێت، کورد لەوەدا هەڵەبوو کە کێشەی کەرکوکی بەستەوە بە کێشەکانی تری عێراقەوەو دیارە ئەوەش سونەتی حەیاتە هەموو هەڵەیەك دەبێ باجی بدرێتەوە! بەتایبەتیش لە کەرکوك چ لەلایەن هەندێ لە پێکهاتەکانییەوەو بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی کەرکوكو دەستی دەرەکیو خراپ مامەڵەکردنی ئیدارەی کوردیش لە کەرکوك بەهەموویان ئەو بارەیان بەئەندازەیەك ئاڵۆزکردووە کە ئەتوانی چاوەڕوانی ئەنجامێکی باشی لێبکەیت، بەتایبەتیش ئەو ماوەیەی کە دیاریکراوەو کەمتر لە 12 مانگی ماوەو بەپێی قۆناغبەندییەکانی ئاساییکردنەوەو وادەی سەرژمێریو ئامادەسازیی راپرسی، پێموانییە بتوانرێت لەم 12 مانگەدا ئەو کارانە بکرێتو لە ئەنجامدا دڵنیام دەبێ هەوڵ بۆ دواخستنی بدەین، گەرچی ئێستا لەبەر ئەوەی قیادەی سیاسیی کورد واقیعییانە کەرکوکیان نەخوێندۆتەوەو لە ئاسمانەوە تەماشایدەکەن، زۆر دژی بیرۆکەی دواخستنین، بەڵام من دڵنیام دوای ماوەیەکی تر خۆیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بیانوو بۆ دواخستنی دەهێننەوە.

**لڤین: تۆ هەموو کەموکووڕییەکان لە سەرکردایەتیی کورددا دەبینیتەوە، ئەی بەرپرسانی ئیدارەی شارەکە لە ئاست ئەو کەمتەرخەمییانە بەرپرسیار نین؟**

عارف قوربانی: من تەرکیز دەخەمە سەر دەسەڵاتی کوردیو ئەرزی واقیعی کەرکوك، پێموابوو لەوە دەگەیت، ئەو ئاماژانەم مەبەستم لە بەرپرسیارکردنیانەو لە واقیعیشدا بەرپرسیارن ،ئەگەر لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان زیاتر پشکی خەتاکەیان زیاتر نەبێ بەدڵنیاییەوە کەمترنییە، بەڵام ئەوەش ناکاتە ئەوەی لە تاوانی سەرووتریش کەمبکاتەوە، چونکە ئەگەر سەرکردایەتیی کورد بیویستایا یان هەوڵی بدایا هەرکارێك بکات دەیتوانی بەسەر ئیدارەی کەرکوكو بەرپرسەکانی خۆیانیدا بچەسپێنێو لە نەتیجەدا زیاتر رووی سەرکردایەتیی کورد دەگرێتەوە، چونکە ئەمانەی ئێستا بەرپرسن لەو کارانەی کەرکوك، هەر سەرکردایەتیی پارتیو یەکێتی دایاناون، بەڵام هەمووان بەرپرسیارێتیمان بەردەکەوێت، هیچ نەبێ هاواری زیاترمان بکردایا بۆ ئەوەی ئەو خراپەکارییانە تەشەنەنەکەن، پێموایە قسەیەکی ئەنشتاین هەیە دەڵێ (دونیا پڕبووە لە خراپەکاریو بەکەڵکی ژیان نایات، نەك لەبەر ئەوانەی خراپەکاری دەکەن، بەڵکو لەبەرئەوانەی ئاگایان لەو خراپەکارییانەیەو ڕێی لێناگرن)، بەپێی ئەم حیکمەتە بێت هەموو هێزو لایەنەکانیش بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نموونە ئێمە لەکەرکوك زۆرمان وتو زۆریشمان بیست کە ئەگەر تورکمان لەگەڵ کورد بژی، قازانج دەکات، یان ئەگەر رازیبێت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان ئەوەندەو ئەوەندە وەزیریان بەردەکەوێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هیچمان بۆ نەکردووەو ئەوە سەرکردایەتیی کورد بوو دەیتوانی کۆمەڵێ وەزارەت بداتە تورکمانی کەرکوك لە حکومەتی هەرێمو کۆمەڵێ پرۆژەی بازرگانی بداتە بازرگانەکانیان، کەچی نەیکردووەو شتی تریش زۆرە، ناکرێ لێرەدا هەمووی بڵێم.